www.kurdistannet.org
21-10-2006 8:12 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ناوی گەورەو و شاری وێرانوەلامێک بۆ رونکردنەوەکەی کاک جەعفەری حامیدی ... دلشاد جەمشیدی



کاتی خۆی بگرە بیست، بیست وچەند سال پێش ئەو بەرێزانە کە پێیان دەلێم ناوی گەورەو شاری وێران هەم ناوی گەورە بون هەم شاری ئاوادان، بەلام بەداخەوە بە هوی خۆ نوێ نەکردنەوە و سواق نەدانی مالەکەیان و دلخۆش بون بە ناوە گەورەکەیان شارەکە یان لە بیر چوبوو.

بێ ئاگا بون لە و گۆندە چکۆلانە کە رۆژ بە رۆژ ئاوادانتر دەبونەوە وبە کەم زانینیان و خۆیان بە تاقە شاری وەلاتەکەیان زانین وا لە خۆبایی کردن، کە کاتێک لە ناکاو هەوالیان بۆ هێنان وەرن ئەو هەموو شارە ئاوادانە ببینن، بروایان نەکرد.، کاتێکیش بینیان توشی شۆکێکی قۆرس بوون و

قەد نەکەوتنە بیری ئەوە دەستێک بە شارەکەیانا بێنن ئاوادنی کەنەوەو یان بیکەن بە پیری پیرۆزی شارە تازەکان بەلکو شارە نوێکانیان گرتە بەر تەشەر و توانج و ئیتر بە یەکجاری کۆلانە تەنگەبەرەکانیان لە بیر چو وشەقامەکانیان لە یاد نەماو، وایان لێ هات ئیتر نەیان ویرا لە کەلاوەاکانی خۆشیانا بمێنەوە.

کاک جەعفەری حامیدی سیمایکی ناسراو وناوێکی ئاشنایە لای هەمو ئەندامان و دۆستانی حیزبی دیموکرات. لە بۆ منیش نە تەنیا کاک جەعفەر کە سالانێکی زۆری تەمەنی لە خزمەت بە دیهاتنی ئامانجەکانی حیزبدا بوە بەلکوو هەمو کوردیکی خاوەن هەلویست و خەباتکار جێگای رێز و حۆرمەتە و نوسینی ئەم بابەتەش لە درگا دانی هێندێک پرسی بە بروای خۆم گرینگە کە من بابەتەکەی بەرێزی بە تێکستێکی نمونەیی دەزانم بۆ وروژاندنیان، .

من بێ لاینم لە کێشەکانی ئەورۆی حیزبدا یا سەر بە لاینێکم یا ن لە بنەرەتدا بروام بە لایەن یان جیناح هەیە یان نا، بەداخەوە لەم سەروبەندەدا هیچ گرینگیکی ئەوتۆی بۆ کەس نیە.

بۆیە خۆم بەوەوە ماندو ناکەم بسەلمێنم کە لەم رۆژانەدا کە گەرمە بازاری جیناح بازیە خاوەن روانینی خۆمم و لاینگری لە هیچ یەک لەو دو بە ناو رەوتەی ناوخۆی حیزب ناکەم.

بەلام بۆ رونکردنەوەکەی کاک جەعفەر دەدەمە بەر تەشەر و رەخنە و مەبەستم چیە دەگەرێتەوە سەر روانینی من و تێگەیشتنی من لە قسەکان و هەلویستەکانی بەرێزی و گرینگی ئەم رونکردنەوەیەش کە بە قەناعەتی من راگەیاندنێکی ماقولانەی کەمینەیە کە پێش وەقت لە دایک بوەو زۆر بە ئاشکرا ئیعلامی

لەت بونی حیزبی دیموکرات دەکات.

کاک جەعفەر لە سەر چی و کەنگێ و چۆن لە حیزب دەرکراوە هیچ لە ئەسلی ئەو قەزیە ناگۆرێ کە بەرێزی بە بریاری کاک مۆستەفا کە پێم وابێت هەمولایک (گەربە رەوالەتیش بێت* لە سەر ئەوە کۆکن کە سکێرتێری حیزبە لە حیزب دەرکراوە، من لە و قەزیە ناکۆلمەوە کە غەدری لێ کراوە یان نا، لەوەش ناکۆلمەوە کە کاک جەعفەر و کاک جەعفەرەکانی تریش چۆن بون بە دەم راسی لاوان و بە پشت گەرمی کێ وکوێ وا دەمیان گەرمە و لە چی ئەگەرێن و ئاقیبەت بە خێر دەبن یان نا.، چۆن ئەوان بە قۆربانی

بەستەزمانی چەند کەسێکی ئاقیبەت بە شەر ئەزانم و زیاتر لەوەی کە بمهەوێ رخنەیان لێ بگرم دلیان بۆ دەسوتێنم.
تا ئێره بە پێ هەمو پرەنسیپەکانی حیزبی کاک جەعفەر ئەندامی حیزب نەماوە، بەلام سەیر ئەوەیە کە هێشتا خۆی بە ئەندامی حیزب دەزانێت.
بەلام کام حیزب. هاورێیانی ئەقەلیەت لە راگەیاندنی ئاخەرینی خۆیانا دەرکرنی کاک جەعفەریان پیشبینی کردبو بویە هەر لە گەل دەر کردنی پێان راگەیاند کە درێژە بە کارەکانی خۆت بدە (بەلام کام کاری خۆت* تاکو ئیمە یەک لایی ئەکەینەوە گەر ماینەوە...
دلنیا ئەوەندە دەسەلاتمان دەبێت کە بتهێنینەوە گەریش رویشتین (بە رێگا کۆنەکەی پارا* ئەوە هەر هیچ نەبێ تا گەرانەوەیکی تر خۆمان ئەیبرین و ئەیدورین، خەمت نەبێ، .
ئەم ستراتیژیە سۆنەتی و تاقیکراوەی کەمایەتی بەداخەوە جۆرعەتی هەمو کارێکی دور لە پرەنسیب و تەنانەت ئیخلاقیشیان پێ ئەدا کە بە ناو رونکردنەوەکەی کاک جەعفەر یەکێک لە هەزاری ئەو بێ ئیخلاقیە سیاسیانەیە کە لەم دوایانە دەیبینین.
لە کوێ و کەنگێ جیناحی ئەقەلیەتی حیزب مەشروعیەتی شکاندنی بریارەکانی سکێرتێری حیزبیان وەرگرتوە، لە سەر چە بنەمایێکی ئیخلاقی یان پرەنسیپی حیزبی ئیزنی بریار دەرکردن دەدەنە خۆیان وئەو تاریکخانانە کە بریارەکانیان لێوە بۆ حامیدیاکان بەرێ دەکرێ کامانەن... هەمو پرسیارگەلێکی بێ وەلامن یا گەر وەلامیشیان هەبێت هێشتا کاتی بە رەسمی راگەیاندنیان نەهاتوە.
سیناریوی مەلایی و مۆستەفایی دەسکردی کێ و بە چ ئامانجێکەوە نوسراو وبەرێوە برا پرسیارە رەشەکانی ئەم مەسەلە شومەن کە وەلامەکانی ئەکرێ لە دوتۆی هەولەکانی بەرێز حەسەن زادە و جیناحەکەی بۆ دوزینەوە و سوال کردنی پشتیوانی حیزبەکانی باشور شاردرابێتەوە.
کاک جەعفەری بەرێز شارەکەت و مەنتیقەکەت پیویستیان بە نوێژەنکردنەوە هەیە.
باسی سالەکانی خەباتت دەکەی و مەنتێقی جنابیشت ئەوەیە کە دەرکردنی کەسێکی وەک من کە ئەو هەموو سالە خەباتم کردوە کارێکی ئاسان نیە. کاکە گیان من بۆ خۆم لە دەستی خۆمدا نەبوە کە سالی 1357لە دایک بوم بروا بکە گەر 1345لەدایک ببوایەم زوتر دەبومە پێشمەرگە و بگرە لە گەل بەرێزت لە سەنگەرێکا دەبوین، =کاک جەعفەر، خزمەتی زۆر کردن بە حیزب نابێتە سپەرێک بۆ ئەوە کە جنابت و جنابانی وەکو بەرێزت هەرچی دەکەن بیکەن و کەسیشتان بە خەیالا نێت.
کاک جەعفەر دەبێت جنابتو جنابانی وەکو تۆش باش بزانن کە حیزب سەنەدەکەی بە ناوی هیچ کەسەوە لێ نەدراوە. حیزب مۆلکی شەخسی کەس نیە، .
کۆنگرەی سێزدەیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران سۆنەت شکێنیکی لە جۆری خۆیدا نایابە لە دیرۆکی سیاسی کوردستاندا.
شکاندنی پەیکەرەی سۆنەت گەرایی و کۆرت کردنەروی دەستی پاشماوەی بیرۆکەی فئودالیەت لە ئۆرگانە خاوەن بریارەکانی حیزبێکی کوردی دەکرێ وەک هەنگاوێکی نوێ وشۆرشێکی تازە باسی لێوە بکرێت.
دەبێت هەمو لایک باش لەو ئەسلە تازەیە حالی بین کە هەر چۆن بەدەنەی حیزبی دیموکرات رەنگدانەوەو سیمای راستەقینەی هەمو خەلکی کوردستانە دەبێت رێبەرایەتی حیزبیش رەنگدانەوەی گشت سنفەکان و باوەرەکانی ئەم خەلکە بێت.
رێبەرایەتی حیزبی دیموکراتیش بۆ بەرەوپێش چون پیویستە وەکو هەمو خەلکی جیهان رۆژ بە رۆژ خۆی تازە بکاتەوە.

بە کردەوەش مەلا عەبدوڵای حەسەن زادە وپاشماوەکانی سیستەمی پارۆی گەورە بۆ شێخ و مەلا و ئاغاوات لە و ماوە درێژەدا سەلماندیان کە شتێکی تازەیان بۆ حیزبی دیموکرات و گەلی کورد پێ نیە..
ئەم هەراو بەزمەیش کە دەستە وتاقمەکانی ئەم بیرۆکەیە یا ئەو بەرێزانەی کە هێشتا حەزیان لە نانی دیوەخان وقەمچی ئاغایە شتێکی زۆر نۆرمال چاوەروانکراوە. چۆنکە هەموکات پەرینەوە لە قۆناخێک بۆ قۆناخێکی تر و پێشکۆتوتر بەرژوەندی تاقمێک دەخاتە مەترسیەوە ئەو تاقمەیش هەقی خۆیانە هاواربکەن لە کۆنفرانسەکانا ئیهانەت بە لایەنی بەرانبەر و براوە بکەن، .
بەلام ئەمە شتێکی حاشا هەلنەگرە کە مۆستەفای هیجری سەرکەوێت لە پەرواوێز کردنی مەلاو ئاغاواتەکانا یا سەر نەکەوێت ئیتر تاریخی مەسرەفی ئەو بیرۆکەیە هەر لە مێژە دەرباز بوە و دەبێت......
من بەش بە حالی خۆم ئاواتی ئەوە دەخوازم کە هیجری هیندە مرۆڤێکی بەهێز بێت کە بتوانێت ئەو کارەی کە کاک دوکتور قاسملو دەستی پێکردبو بە سەرکەوتنەوە تواوی بکات چۆن گەر سەرنەکەوێت حیزبی دیموکرات شتێکی لێ نامێنێتەوە، .
هیوادارم شارە وێرانەکان تازە ئەوە لە بیر کەن کە هێشتا تاقە شارن. چۆن تەنیا ئەوەندەیان بۆ ماوەتەوە کە ببن بە پیرۆزە ئاسەوارێک بۆ داهاتو، گەر خۆیان ئاسەوارەکەی خۆیان زیاتر حەراج نەکەن.
هەر بژی بیری نوێ و حیزبی دیموکرات